لەبیرەوەریی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا...

ئا/ محەمەد ئەحمەد ـ رانیە

ئەمڕۆ 49ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر هەڵگیرساندنی گەورەترین و درێژماوەترین شۆڕش لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی میللەتی کورددا، ئەویش شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە بە ڕابەرایەتی سەرکردەی گەورەو بلیمەت و خاوەن ئەزموونی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر، کە لە ڕێکەوتی 11ی ئەیلوولی ساڵی 1961دا یەکەم بانگەواز و چەخماخەی ئەو شۆڕشە لێدراو بەماوەیەکی کەم سەرتاسەری باشووری کوردستانی گرتەوە، ئەو شۆڕشەی بوو بە دەستپێکی گۆڕانکاریی گەورەو ڕیشەیی لەژیانی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا، کە کاریگەریی نەک هەر لەسەرئاستی ناوخۆ و پارچەکانی تری کوردستاندا دانا، بەڵکو دەنگدانەوەی شۆڕش، کاریکردە سەر نەتەوەو گەلانی دراوسێ و دەوروبەریش کە لەژێردەستی داگیرکەر و زوڵم و ستەم دەیاننالاند و سەوداسەری ئازادی و رزگاریی بوون. یەکێک لەو ناچانەی کە پێگەیەکی گەورەو گرنگی بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەبوو، دەڤەری پشدەرو بیتوێن بوو، بەمەبەستی ئاشنابوونی زیاتری خوێنەران بە هەڵوێست و ڕۆڵی خەڵکی ئەو دەڤەرە لەبەرامبەر شۆڕش و بیرەوەری ڕۆژانی سەخت و کاریگەرییەکانی شۆڕش، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ چەند پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی شۆڕشی ئەیلوول و شارەزای ئەو ڕۆژانەدا ئامادەکرد.

– مەلا عەبدوڵلا ڕەسوڵ بەڕێسی دەزگای ئەیلوولی رانیە و قەڵادزێ کە یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بەم شێوەیە باسی لە هاتنە ریزی شۆڕشەوە دەگێڕێتەوە: من لە ساڵی 1967دا پەیوەندیم بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە کرد و لە بارەگای هێزی کاوە لە سنووری پشدەر ئەرکەکانم ڕادەپەڕاند و بەشداری زۆر لەو چالاکیانەم کردووە کە لەساڵانی 1967تا 1975 ئەنجامدراون لە دەڤەرەکەدا. ئەوەی زۆر سەرسامی کردم لەماوەی پێشمەرگایەتیمدا و تاوەکو ئێستا وەکو بیرەوەرییەکی هەرە زیندوو لە ویژدان و هەست و هۆشمدا جێگای خۆی گرتووە، ئەوەبوو کە لەساڵی 1969دا کاتێک هێزێکی زۆری رژێمی بەعسی داگیرکەر لە دەربەندی رانیەوە هێرشی هێنا بۆ ئەوەی سەنگەسەر داگیر بکات، هێزێکی پێشمەرگە ئامادەکران و بەرەنگاریی هێرشی دوژمن بوونەوەو زیانێکی زۆریان بە دوژمن گەیاند، یەکێک لە پێشمەرگەکان هەردوو قاچەکانی خۆی بەستبوو بۆ ئەوەی سەنگەرەکەی چۆڵ نەکات، بەڕاستی قارەمان بوو بەداخەوە لەو شەڕەدا شەهیدبوو، هەر لەشوێنی شەڕەکە و لەناو سەنگەرەکەیدا کە کەوتبووە خوارووی شارۆچکەی سەنگەسەردە بەخاک سپێردرا و دوای چەندین ساڵ و لەم ساڵانەی دواییدا کەسوکارەکەی هاتن و بە هاوکاریی لقی 11 تەرمەکەیان بردەوە زێدی خۆی لە دەڤەری دهۆک کە وابزانم خەڵکی زاخۆ بوو، بەراستی ئەو پێشمەرگە ئازایەم هەمیشە لەبیرە و قەت لەیادم ناچێت، ئازایەتی ئەو پێشمەرگەیە وەری زۆری بە پێشمەرگەکان بەخشی، ئەوەی زۆریش نیگەرانی کردم نسکۆی شۆڕش لەساڵی 1975 بوو کاتێک بەرەو ئێران دەڕۆیشتین لە گوندی شێنێ کە دەکەوێتە سنووری قەزای پشدەر، یەکێک لە پێشمەرگەکان ئەوەندە نیگەران بوو بە نسکۆی شۆڕش، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ هیچ قسەیەکی نەدەکرد و نوتقی گیرابوو، تا دواتر لەناکاو دڵی لە لێدان کەوت و گیانی فیدای کوردستان کرد، ئەویش هەر خەڵکی دەڤەری بادینان بوو، بەڕستی ناکرێت ئەو جۆرە قارەمانانە لەبیر بکرێن.

*** هەڵوێست و ڕۆڵی خەڵکی دەڤەری پشدەر و هاوکاری و پشتیوانیان بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول چۆن بوو؟**

– دەربارەی ئەم پرسیارە، مەلا عەبدوڵلا ڕەسوڵ گوتی: خەڵکی ئەم دەڤەرە خاوەن هەڵوێست و دڵسۆزی و وەری پۆلایین بوون، ماڵەکانیان بارەگای پێشمەرگەبوون و لە پشتیوانیکردنی شۆڕش هەرگیز درێغیان نەدەکرد، ئەوانەی پێشمەرگە بوون یان توانای بەکارهێنانی چەکیان هەبوو بەشداریی شەڕەکانیان دەکرد و خێزانەکانیان نانیان بۆ پێشمەرگە ئامادە دەکرد و جلوبەرگەکانیان بۆ دەشۆرین و خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد. جەماوەری ئەم دەڤەرە ئەوەندە بە جۆش و خرۆشەوە خزمەتی پارتی و شۆڕش و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانیان دەکرد، کە خەبات و ماندووبوونی ئەوان هەرگیز لەبیر ناکرێت، هەر لەبەر دڵسۆزی خەڵکی ئەو سنوورە بووە، زۆرجار سەرهەڵدان و بەرخۆدانەکان لەوێوە دەستیان پێکردووە، بۆیەش ئەو دەڤەرە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری شەهید و زیندانی سیاسی و بێسەروشوێن بووە، چونکە ئەو دەڤەرە لانکەی شۆڕش بووە، هەربۆیەشە شارو شارۆچکەو گوندەکانی لەلایەن بەعسەوە وێرانکران و خەڵکەکەشیان ڕاگوێزرا بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، تاکو لەساڵی 1991لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا جەماوەری ئەو دەڤەرە گەڕانەوە بۆسەر زێدی خۆیان و شارۆچکەو گوندەکانیان ئاوەدانکردەوە. بەڵام تائێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە وەکو پێویست لەڕووی ئاوەدانییەوە ئاوڕ لەو دەڤەرە نەدراوەتەوە.

*** دەربارەی ئەو کاریگەرییەی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر گەلی کورد دروستی کرد و ئەو وانەو پەندانەی لە ئەزموونی شۆڕشەکەوە چنگکەوتن، مەلا عەبدوڵلا گوتی:**

– شۆڕش خەڵکی لەدەوری یەکتری کۆکردەوەو یەکڕیزی چەسپاند و فێری ئەوەی کردین کە زوڵم و زۆر لەهیچ داگیرکەر و دەسەڵاتدارێک قبووڵنەکەین، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێت و کێشەوگرفتەکان بەشێوەی دەستەجەمعی و بەپاراستنی گیانی برایەتی و هەستی کوردپەروەری و شۆڕشگێڕی چارەسەر بکەن.

*** ئەو دەستکەوتانەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەدەستی هێنان چی بوون؟**

– مەلا عەبدوڵلا: شۆڕش بە ڕابەرایەتی سەرکردەی مەزنی گەلەکەمان بارزانیی نەمر کۆمەڵێک دەستکەوت و داهێنانی گەورەی بەدەستهێنا لەوانە:

1. هێنانەدی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار کە لە ناوەڕۆکەکەیدا چەندین مافی بۆ کورد مسۆگەر دەکرد، بەڵام ڕژێم دواترلە زۆربەی خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە پاشگەز بۆوە.
2. شێوازی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن بە شەڕی بەرەیی داهێنا.
3. دروستکردنی یەکێتییە جەماوەری و پیشەییەکان.
4. کۆکردنەوەی مامۆستایانی ئایینی و دروستکردنی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان.
5. دروستکردنی دادگاکانی شۆڕش بۆ بەرقەرارکردنی یاسا و عەدالەت.
6. کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە شاری قەڵادزێ.
7. کردنەوەی قوتابخانە لەزۆربەی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش.

*** دەربارەی ئەوەی کە دەزگای ئەیلوولی رانیە و قەڵادزێ چ خزمەتێکیان بە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول کردووە لە سنووری خۆی، مەلا عەبدوڵلا بەڕەپرسی ئەو دەزگایە گوتی:**

– سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە بەمەبەستی کۆکردنەوەی تەواوی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول، دەزگای باڵای ئەیلوول دامەزرا و سەر پەرشتی 11دەزگا دەکات لە سەرتاسەری کوردستاندا کە دەزگای ئەیلوولی رانیەو قەڵادزێ یەکێکیانە، بەپێی پۆلێنکردنیش سێ جۆر موچە لە دەزگاکەمان هەیە کە بریتێن لە موچەی سەدوپەنجا هەزار دیناری و دوو سەد هەزاری و سەدو شەست هەزار دیناری، ئەوەی دواییان ئەوانەن کە پەناهەندەی ئێران بوون، ئەو گوتیشی بەرنامە هەیە لەداهاتوودا هەوڵبدرێت بۆ زیادکردنی ئەو موچانە، هەروەها گوتی وەجبەی پێنجەم هەیە کە تائێستا موچەیان نییە و لەهەوڵی ئەوەداین موچەیان بۆ ببڕینەوە.

*** مامۆستا ئازاد بابان کە بەشداریی بەرچاوی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا هەبووە، سەبارەت بە سەرەتاکانی هاتنە ناو ڕیزی شۆڕشی بەم شێوەیە باسکرد:**

– لەساڵی خوێندنی 1966.1967دا بە مەبەستی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ کە قۆناغی ئامادەییم بوو چوومە شاری سلێمانی، هەر ئەو شەوەی گەیشتمە ئەوێ دەستگیرکرام و ڕۆژانە بە بەندکراوی دەیانبردمە هۆڵی تاقیکردنەوە و بەم چەشنە تا کۆتایی تاقیکردنەوەکان بە کەفالەت ئازادکرام. کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم وەرگرتەوە دەرچووم، بەڵام درێژەم بە خوێندن نەداو پێشمەرگایەتیم بەسەر خوێندنی زانکۆدا پەسەند کرد و ئیدی تەواوکردنی قوتابخانەم بردە پۆلەکانی ڕیزی پێشمەرگایەتی پارتی لە هێزی کاوە لە سنووری دەڤەری پشدەر.

*** سەبارەت بە گرنگی ناوچەی پشدەر لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، مامۆستا ئازاد بابان گوتی:**

– هەڵکەوتەی جوگرافی دەڤەری پشدەر بە شێوەیەکە، کە چوارەدەورەی ناوچەکە بە زنجیرە چیای بەرز و سەخت دەورە دراوە و ناوچەیەکی سنووربیە و شوێنی حەوانەوەی زۆری هەیە بۆ بارەگاکانی پێشمەرگە و بەرگریکردن، هەربۆیە لەزۆر کاتدا بارەگاکانی سەرکردایەتی لەو ناوچەیەدا جێگیر بووە، بۆ ئەوونە بۆ ماوەیەکی زۆر بارەگای سەرکردایەتی مەکتەبی تەنفیزی لە گوندی هەڵشێ بووەو ڕۆژانەش فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەوکات، ئەو دەڤەرەیان بۆردوومان دەکرد، هەروەها ماوەیەکیش بارەگای مەکتەبی سەرۆک مستەفا بارزانی لە دۆڵی شەهیدان و سەنگەسەر بووە.

*** هەروەها مامۆستا ئازاد بابان دەربارەی ڕۆڵ و هەڵوێستی خەڵکی دەڤەرەکە لە بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول گوتی:**

ئەگەر بەراوردێک بکەین سەبارەت بە هەڵوێستی جەماوەر بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو کاتە جەماوەر زۆر بە ئارەزووەوەو بەو پەڕی دڵسۆزییەوە لە شارۆچکەو گوندەکاندا دەهاتنە ڕیزەکانی پارتییەوە و پشتیوانی تەواویان لە شۆڕش دەکرد و کۆمەک و ئابوونەیان پێشکەش دەکرد، هەروەها پێشمەرگە هیچ مووچەیەکی نەبوو، تەنها ئەوەی هانیدەدا ئەو کارە بکات بەحێهێنانی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، کەواتە بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا ڕەوشەکە زۆر جیاواز بوو، ئێستا بەرژەوەندی تایبەتیش لە ئارادایە، لە کاتێکدا لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی لە ئارادا نەبوو، تەنها بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان نەبێت، ئەویش سەرکەوتنی شۆڕش بوو، ئەمە لەهەموو ناوچەکاندا هەروا بوو، چونکە شۆڕش سەرتاسەریی بوو هەر لە زاخۆوە تا خانەقین.

*** هەروەها مامۆستا ئازاد بابان دەربارەی کاریگەریی شۆڕش لە ئاستە جیاوازەکاندا گوتی:**

هەر ئەو بەشداریییە سەرتاسەری و فراوانەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، کاریگەریی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی پێشکەوتن و سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و خۆنەویستی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بڕوا بەخۆبوون بە سەرکردایەتی شۆڕش بە تایبەتی بە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی سەرۆک مستەفا بارزانیی نەمر.

*** لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا کاتێک یادی هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشە دەکرێتەوە، هەست بەچی دەکەیت کاتێک ڕۆژانی سەردەمی شۆڕشت بیر دەکەوێتەوە؟ مامۆستا ئازاد بابان گوتی:**

لەو کاتەدا کە یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکرێتەوە لە 11ی ئەیلوولدا، هەست بە شادومانییەکی زۆر دەکەم کە لەو شۆڕشەدا شەرەفی بەشداریکردنم پێبراوە و سەری ڕێز دادەنەوێنم لە بەرامبەر ئەو هەڤاڵە شەهیدانەدا کە بەدرێژایی شۆڕش بوونە دەستەچیلەی خۆشکردنی ئاگری شۆڕشەکە و ئەو ئازادیەی ئەمڕۆیان هێنایە کایەوە. هەست بە خۆشحاڵی دەکەم کە دێتەوە یادم شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی پارتی و سەرۆکایەتی بارزانی، شۆڕشی یەکڕیزی و تەبایی و یەکدەنگی گەلی کورد بوو، ئەو بەڵگەیەی ئەمەش دەسەلمێنێت ئەوەیە کە هەرکات شۆڕش دەستکەوتی هەبووبێ، ئەوا هەموو کورد خاوەنی دەستکەوتەکان بوون و هەرکاتیش شۆڕش گرفتی هەبووبێ، ئەوا بێگومان کوردیش گرفتی هەبووە.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەی کە شۆڕشی ئەیلوول گەورەترین و درێژترین، وە کاریگەرترین شۆڕشە لەمێژووی کورددا، لە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەکاندا هەقی خۆی پێدراوە؟**

سوورە مەرگەیی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و نووسەر و سیاسیی دەڤەرەکە، سەبارەت بەم پرسیارە گوتی: کاتێک باس لە گەورەیی و کاریگەریی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەسەر ڕێڕەوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد دەکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەر لە هەڵگیرسان و ئەو ئامادەسازییەی بۆ هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە کرا، ئەوەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی بارزان، ڕۆڵی بارزانییەکان لە بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات و چوونی بارزانییەکان بۆ هاوکاری شۆڕشی شێخ محەمودی نەمر لە باشوور، ئەوەش بەسەرەتای تێکهەڵکێشکردنەوەی مێژووی نەتەوەییمان دادەنرێ کە لەدوای شەڕی چاڵدیران لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی لەساڵی 1514دا ئەو مێژووە لێکترازێنرابوو، هەموو ئەمانە لەژێر ڕۆشنایی ئەزموون و عەقڵی نەتەوەپەروەریی بارزانیی نەمر ڕوویاندا.

*** سەبارەت بەو پرسیارەی کە گرنگی و بایەخی دەڤەری پشدەرو بیتوێن و مەرگە و خۆشناوەتی لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بەلای سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولەوە چۆن بوو؟ سوورە مەرگەیی گوتی:**

گرنگی ئەم ناوچانەی ناوت بردن، هەم وەکو شوێن کە پێگەی شۆڕش بووە، هەم وەکو بەشداریی کارای خەڵکی ئەو سنوورە ناکرێ فەرامۆش بکرێ، ئەو گرنگییەش سەرنجی بارزانیی نەمری ڕاکێشاو وایکرد ماوەیەک بارەگای خۆی بێنێتە ئەو ناچانەوەو لێرەوە سەرکردایەتی شۆڕشی کرد، ئەوەش وایکرد دەیان سەرکردەو هەزاران شۆڕشگێڕ لەو سنوورانە بە بیری نەتەوەیی گۆش بکرێن و خوێنی خۆیان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ببەخشن و ئەم ئازادییەی ئەمڕۆی لێکەوتەوە کەوا هەموومان لەسایەیدا دەژین و بەئازادی هەنگاو دەنێین.

*** دەربارەی ئەو کاریگەرییەی شۆڕشی ئەیلوول دروستیکرد لە پێشکەوتنی بواره جیاجیاکاندا، سوورە مەرگەیی گوتی:**

شۆڕی ئەیلوول، شۆڕشێک نەبوو تەنها لەیەک بواردا بۆژیانی ڕوانیبێ، بەڵکو تێڕوانینی ئەو شۆڕشە هەموو جومگەکانی گرتەوە، هەر لە بواری سیاسی، سەربازی، دیپلۆماسی، ڕۆشنبیرییەوە بگرە تا دەگاتە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەڕووی سیاسییەوە توانی دەنگی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە یەکبخات و کورد لەو قۆناغەدا بکاتە خاوەنی گوتاری سیاسی نەتەوەیی خۆی، لەڕووی سەربازیشەوە، کورد بوو بە خاوەنی هێزێکی گەورەی سەربازیی خۆی بەناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەم هێزە بە پانتایی کوردستاندا بڵاو بووەوەو بە گیانێکی نەتەوەیی بەرگری لە سەروەرییە نیشتمانییەکان دەکرد، ئەوەش بوو بە هاندەرێک و وایکرد کە کوردی پارچەکانی تری کوردستانیش بێنە ناو ئەو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەوە، لەڕووی ڕۆشنبیریشەوە دەکرێ شۆڕشی ئەیلوول بە شۆڕشی ڕۆشنبیریی ناو ببەین، باشترین بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستییە، کردنەوەی قوتابخانە بوو لە هەموو ئەو گوندانەدا کە لەژێرسایەی شۆڕشدابوون، ئەوەش بوو بە سەرەتایەک بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کە دەردی کوردانی ئەوەندەی تر گران کردبوو.

شۆڕش خەڵکی لەدەوری یەکتری کۆکردەوەو یەکڕیزی چەسپاند و فێری ئەوەی کردین کە زوڵم و زۆر لەهیچ داگیرکەر و دەسەڵاتدارێک قبووڵنەکەین، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێت و کێشەوگرفتەکان بەشێوەی دەستەجەمعی و بەپاراستنی گیانی برایەتی و هەستی کوردپەروەری و شۆڕشگێڕی چارەسەر بکەن.